# سەردانەکەی سوودانی بۆ کۆشکی سپی: ئاماژە و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان

**د. یاسین تەها،** پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لەنێو گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سێبەری دووکەڵی جەنگی غەززەدا، بڕیارە محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، لەگەڵ شاندێکی حکوومیدا یەکەم سەردانی خۆی بۆ کۆشکی سپی لە 15ی نیسانی 2024 ئەنجام بدات. سەردانکردنی ئەمریکا یەکێکە لە نەریتە سیاسی و دیپلۆماسییە باوەکانی سەرۆکوەزیرانەکانی عێراق لە پاش 2003، بەڵام بەهۆی ئەوەی سوودانی سەرۆکایەتیی کابینەکەی "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە" دەکات کە خۆی بە نەیاری ئەمریکا دەزانێت، ئەم سەردانە هەندێك تایبەتمەندی و فۆکەسی زیاتری لەوانەی پێش خۆی لەسەرە و، دەشێت خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی ئاماژەکان و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی ئەو سەردانە چاوەڕوانکراوە هەڵوێستە دەکات.

**پێکهاتەی شاندەکە و گرنگیی سەردانەکە بۆ سوودانی**

ئامادەکارییەکانی سەردانەکە لەلایەن تیمێکی ڕاوێژکاریی سەرۆکایەتیی وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق "فوئاد حسێن"ەوە ئەنجام دەدرێن؛ بڕیاریشە شاندی هاوەڵی سوودانی بۆ ئەمریکا بریتی بێت لە: وەزیری دارایی، سەرۆکی بانکی ناوەندی، وەزیری بازرگانی، وەزیری نەوت، وەزیری کارەبا، وەزیری ڕۆشنبیری[1]. چاوەڕوان دەکرێت لە هەرێمی کوردستانیشەوە نوێنەر هاوەڵییان بکات. هەرچەند سەردانەکە حکوومی و فەرمی و تەوەرە سەرەکییەکەی، پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەمریکایە، بەڵام بۆ کەسایەتیی سیاسیی سوودانی، گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە دەرکەوتن لە کۆشکی سپی بە شێوەیەکی فەرمی، یەکێکە لە ڕێگەکانی نمایش وەك کارەکتەرێکی سیاسیی پەسەندکراو لە بەردەم ئەو وڵاتانەی پەیوەندیدارن بە دۆسیەی عێراق. بە بۆچوونی هەندێك لە شارەزایان دەرکەوتنی فەرمی لە تەنیشت سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەرێکی زێڕینە لە ناوخۆی عێراق و دەرەوەیش بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی؛ بۆ کەسێکی وەك سوودانییش دەشێت چانسی لە هەڵبژاردنی 2025دا بەهێز بکات[2]. ئەوەیشی پاڵپشتیی ئەم بۆچوونە دەکات لاوازیی ڕایەڵەکانی زۆربەی هێزە شیعەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییە لە وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەت کە ئەم حکوومەتەی ئێستا بە هاوپەیمانی و پاشکۆیەتیی ئێران تۆمەتبارە و زۆر جار یەکێکە لە ئامانجەکانی لۆبیی پاڵپشتیی ئیسرائیل.

لەسەر ئاستی کەسی، بۆ سوودانی گرنگە وەك دەوڵەتمەدار دەربکەوێت و قەرەبووی بەشێك لە کەموکوڕییەکانی سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بکاتەوە لە بواری پەیوەندیی دەرەکی، چونکە ناوبراو لە سەرکردەکانی نەوەی دووەمی سیاسییە شیعەکانە کە هەر لە ناوخۆی عێراق بووە و ئەزموونی ژیان و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا نییە وەك سەرۆکوەزیرانەکانی پێشتر.

هاوکات لەگەڵ ئەو نیمچە کۆدەنگییەی لەسەر گرنگیی سەردانەکە هەیە، لە بەرەی ڕکابەرانی سوودانییەوە

لەنێو شیعەکان، ئاراستەیەك هەیە لە بایەخی سەردانەکە کەم دەکەنەوە بە پاساوی ئەوەی "هەموو ئاماژەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بایدن دەڕوات و ترامپ دێت." لە وەڵامی ئەوانەیشی دەڵێن ئەمریکا دەوڵەتی دامەزراوەکانە و گۆڕانی سەرۆك زۆر شت ناگۆڕێت، ڕەخنەگرەکان دەڵێن "بینیمان چۆن ترامپ لە خولی پێشوودا، هەموو شتێکی پێش خۆی پشتگوێ خست."[3] بەڵام بۆچوونی تر پێی وایە کۆمارییەکانیش بەرژەوەندییان هەیە لە عێراق لە چەشنی کۆمپانیای "هانویڵ"ی تایبەت بە وزە کە بە کۆمپانیایەکی پشتیوانی کۆمارییەکان دەناسرێت لە ئەمریکا[4]؛ بەم دواییانەیش سوودانی گرێبەستی گازی سروشتیی لەگەڵدا نوێ کردوونەتەوە[5]. دەشێت ئەمەیش ئامادەکاری بێت بۆ ئەگەری هاتنەوەی کۆمارییەکان بۆ کۆشکی سپی. ئەم کۆمپانیایەیش یەکێکە لەو تاقەمە کۆمپانیا ئەمریکییانەی پێشتر لە عێراق گرێبەستیان لە بواری گازی سروشتی هەبووە [6].

سەرباری ئەمانەیش هێشتا بۆچوونێك هەیە پێی وایە کۆی سەردانەکە "پرۆتۆکۆڵ"یە و ڕێککەوتننامەی گەورەی لێ شین نابێت جگە لەوانەی پێشووتر کە هەن؛ هێندە هەیە ڕەنگە لە دۆسیەی دارایی، سوودانی هەندێك داواکاری بۆ بانکە سزادراوەکان بکات. مەرجیش نییە هەرچی سوودانی داوای بکات ئەمریکا لەسەری ڕازی بێت، بەتایبەت لە بواری ئاسایش و سەربازی؛ بەتایبەت کە ئەمریکا لە بەردەم هەڵبژاردنە و ئەگەری گۆڕانکاری لە ئیدارەی ئەمریکادا کراوەیە[7].

**تەوەرە گشتییەکانی سەردانەکە**

بەپێی ئەو ڕاگەیەنراو و لێدوانە فەرمییانەی هەن، تەوەرە سەرەکییەکانی سەردانەکەی سوودانی بۆ واشنتۆن چەند بوارێك لەخۆ دەگرێت وەك: پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی هەردوو وڵات، ئایندە و چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، دۆسیەی کارەبا و گازی سروشتی و وزە، هاندانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ وەبەرهێنان، کۆمەکی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ پشتیوانیی ئەمریکی لە بوارەکانی کەلتوور و مۆزەخانەکان؛ لە پەنا ئەمانەیشدا دۆسیە ئابووری و بازرگانییەکان ئامادەییی بەهێزیان دەبێت، لەوانەیش ئاسانکاریی بانکی و هاتنی دۆلاری زیاتر بۆ عێراق، لەگەڵ هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئەوەی عێراق پارەی گازی سروشتیی هاوردەکراوی ئێران (10 ملیار دۆلار) لە ڕێگەی بانکەکانی کەنداوەوە حەواڵە بکات بۆ ئەوەی بانکەکانی خۆی تووشی گەمارۆ نەبنەوە[8]. ئەگەر ئەم ناونیشانە گشتییانەیش ورد بکرێتەوە هەر یەك لەوانەیش لەمپەر و هاندەری چوونەپێشیان جۆراوجۆرە. دووان لەوانەیش کە زۆر سەرەکین، بەڕووی چەند ئەگەرێکدا کراوەن، ئەوانیش دۆسیەکانی سەربازی و ئاسایشن لەگەڵ دارایی و دۆلار:

**– دۆسیەی ئاسایش و سوپا:**

حکوومەتی عێراق لەژێر گوشاری گرووپە شیعە چەکدارەکان و لێکەوتەکانی جەنگی غەززە سەرەتای 2024 ڕای گەیاند، لەگەڵ ئەمریکا دەستی بە دانوستان کردووە لەبارەی سێ تەوەرە: مەترسییەکانی داعش، بەهێزکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، گەیشتن بە خشتەیەکی کاتی بۆ کۆتاییهاتنی ئەرکی "هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش"؛ بە جۆرێك پەیوەندیی ئەمنیی هەردوو لا بچێتە ئاستی دووقۆڵی بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی عێراق_ ئەمریکا کە ساڵی 2008 واژۆ کراوە[9].

لە پاش ئەم پێشهاتەیشەوە هەموو لێدوان و بەیاننامە فەرمییەکانی عێراق جەخت لە گرنگیی گەیشتن بە کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دەکەنەوە بۆ ڕازیکردنی گرووپە شیعەکان کە ئێستا

لە حاڵەتی ئاگربەستدان. لای خۆیشیانەوە گرووپە شیعەکان بەردەوامن لە گوشار و، سەقفی داواکارییەکانیان بەرز کردووەتەوە بۆ ئەوەی سوودانی لە ئەمریکا کارێك بکات "واشنتۆن کۆتایی بە دەستیدەستیکردن بهێنێت لە دۆسیەی کشانەوە لە بنکە سەربازییەکان و، هەژموومی خۆیشی لەسەر گرێبەستەکانی پڕچەککردنی عێراق هەڵگرێت[10]. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە باڵیۆزە بەهێزەکەی ئەمریکا لە عێراق، "ئیلینا ڕۆمانۆڤسکی"، پێش سەردانەکە کەوت و هۆشداریی دا لەوەی داعش هێشتا مەترسییە، هەروەها ئەوەیش کە باسی کۆتاییهاتنی هاوپەیمانیی داعش لە ئارادا نییە![11]؛ هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا "ئیان ماکاری"، نوێنەری ئەمریکی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی داعش بەڕوونی ڕای گەیاندووە "لە ئێستادا هیچ پلانێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق نییە"[12]. ئەمەیش بەو مانایە دێت سەردانەکەی سوودانی پێ ناچێت هیچ لە هاوکێشەی ئەمنی و سەربازی بگۆڕێت و، ئەوکات دۆخەکە کراوەیە بەڕووی دەستپێکردنەوەی چالاکیی گرووپە چەکدارە وەلائییەکان و پێداگرییان لەسەر کشانەوەی ئەمریکا کە لە پاش 2020 و کوشتنی "سولەیمانی" و "ئەبو مەهدی موهەندیس"ەوە بووەتە ئامانجێکی ستراتیژییان.

لە ڕووی کردەیییەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەمپەری زۆری لەپێشە و بەدەرە لە توانای سوودانی و حکوومەتی عێراق لەبەر چەند هۆکارێك:

_ ئیدارەی بایدن لە ساڵی هەڵبژاردندا ڕیسکی لەو جۆرە ناکات، بەتایبەت کە هێشتا دۆسیەی کشانەوەی پڕ لە فەوزای ئەفغانستان پاکتاو نەکراوە.

_ جەنگی غەززە و ئاسایشی ئیسرائیل و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی تری ئەمریکا لە ناوچەکە (ئوردن و کوێت و سعوودیا و وڵاتانی تری کەنداو)، ڕێگرە لە کشاندنەوەی کتوپڕی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەجێهێشتنی بۆ باڵە ئێرانییەکان.

_ زۆربەی سیستەم و کەرەستە سەربازییەکانی عێراق ئەمریکین و بەبێ ڕاوێژکاری ئەمریکی و بەبێ ئەپدەیتی ئەمریکی دووچاری کێشە و تەنگژەی زۆر دەبنەوە و، عێراقیش ناتوانێت پێداگریی زۆر بکات[13].

_ بە کشانەوەی ئەمریکا بەو جۆرەی گرووپە شیعەکان دەیانەوێت، عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی و ئەندامانی ناتۆ دەکەوێتە کێشە و دابڕانەوە، چونکە هیچیان بەبێ ئەمریکا ئامادەی هاوکاری و مانەوە نین لە جەنگی داعش.

_ سوپای عێراق و سیستەمی ئەمنیی وڵاتەکە، توانای بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکانی نییە بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا؛ بەتایبەت کە داعش و ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیناریۆی 2014 هەمیشە مەترسییە[14].

_ وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حسێن، لە واشنتۆن ڕاشکاوانە ڕای گەیاند، کورد و سوننە و بەشێك لە شیعە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین لە ئێستادا و بۆ ئەمەیش پاساو و هاندەریان هەیە، بەڵام شیعەکان ئەمەیان بەئاشکرا نەوتووە[15]. ئەمەیش کە ڕاستییەکە و ماوەی پێشوو لە دانیشتنێکی پەرلەماندا ئەمە دەرکەوت، خۆی لە خۆیدا هێندەی تر دۆسیەی کشانەوە ئاڵۆزتر دەکات و پاساوی مانەوەی

ئەمریکییەکان زیاتر دەکات، بەپێچەوانەی خواستی گرووپەکان و یاریکردن بە وشە لە لێدوانە فەرمییە حکوومییەکانی عێراق.

_ لە دەرەوەی هاوکێشەی عێراقیش ئەگەر هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش نەمێنێت، چیتر ئەمریکییەکان ناتوانن لە ڕووی یاساییەوە عێراق بکەنە بنکە و پێگەی پشتیوانیکردن لە هێزە سەربازییە بچووکەکەیان لە سووریا؛ ئەو هێزەی ڕۆژهەڵاتی فورات ئەگەرچی ژمارەیان کەمە (900 سەرباز)، بەڵام بەرامبەر پێگەی ڕووسیا و ئێران، پێگەیەك بۆ ئەمریکا لە سووریا مسۆگەر دەکەن. هەروەها کشانەوەی ئەمریکا لەوێ دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ گەڕانەوەی داعش لە هەندێك ناوچەی شڵۆق؛ ئەمەیش گورز دەبێت لە دەسکەوتەکانی جەنگی هاوپەیمانان دژی داعش بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا. شتێکی ڕوونیشە هە بۆشاییەك لەو وڵاتە دروست بێت، ئەگەر داعش پڕی نەکاتەوە، ئەوە دەبێتە پێگەی ئێران و ڕووسیا. ئەمەیش بۆ ئەمریکا و ئیدارەی ئێستا سیناریۆیەکی نەخوازراوە[16].

بەپێی ئەو ئاماژانەی بەردەستن ڕەنگە ئەمریکا هەندێك لە قەبارە و ژمارەی هێزەکانی خۆی لە عێراقدا بگۆڕێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەی گرووپە شیعە وەلائییەکان چاوەڕێی دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن لە کۆتاییهاتنی هەژموونی سەربازیی ئەمریکا و کشانەوەی سوپاکەی لە پاش سەردانەکەی سوودانی، تا ڕاددەیەك دوورە و لە هەموو حاڵەتێکدا عێراق مەحکوومە بە "ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیی 2008" کە پەیوەندیی هەردوو لای کردووەتە دوورمەودا و درێژخایەن[17].

_ **دۆسیەی دۆلار و ئابووری:**

لە ناوەندی سیاسیی شیعیدا سەردانەکەی سوودانی جگە لە "گەیشتن بە لێکگەیشتنی کردنەدەرەوەی سوپای ئەمریکا و کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی"، ئامانجێکی تری سەرەکی، هەڵگرتنی بەندوباوە لەسەر دۆلار و متمانەکردنە بە ئەمریکا بۆ سووککردنی سزا لەسەر هەندێك لە بانك و کۆمپانیاکان کە بەشی زۆریان هی لایەنە شیعەکانن[18]. بەرپرسیارێتیی ئەمریکا لەم پرسەدا کە 20 ساڵە بەردەوامە و پەیوەستە بە هەژموونی یاسایی واشنتۆنەوە بەسەر داهاتی نەوتی عێراق بە دۆلار بەپێی ڕێککەوتنی عێراق لەگەڵ پۆڵ بریمەر (2004) [19]، یەکێکە لە نیگەرانییەکانی هێزە شیعەکان، بەتایبەت پاش ئەوەی بەم دواییانە کە ئەمریکا زنجیرەیەك سزای بەسەر دامەزراوە داراییە شیعییەکاندا سەپاند بە تۆمەتی هاوکاریکردنی دامەزراوە داراییە ئێرانییە سزادراوەکان. بە شێوەیەکی بەردەوامیش نیگەرانی و قسەوباسی ئەوە لە ئارادایە کە ئەمریکا توانا و هێزی یاسایی خۆی بەسەر داهاتی نەوتی عێراق بۆ گوشارکردنی سیاسی بەکار دەهێنێت[20].

هادی عامری کە یەکێکە لە سەرکردەکانی چوارچێوەی شیعی، پێداگرە لەسەر ئەوەی سەروەریی ئابووری و داراییی عێراق هیچی کەمتر نییە لە سەروەریی نیشتمانی؛ باسی ئەوەیشی کردووە ئەوان خوازیارن کۆتایی بەو سەرێشەیە بێت کە دۆلاری عێراق ڕەهن و دیلی نێو بانك و بەندوباوەکانی ئەمریکا بێت[21]. بەڵام تێکڕای لێدوانە ئەمریکییەکان، چ لە واشنتۆن و چ لە عێراق، باس لە چاکسازیی بانکی دەکەن و هیچیان باسیان لەوە نەکردووە عێراق ئامادەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا دۆلارەکانی بەتەواوی ئازاد بکات.

هاوکات لەگەڵ ساغبوونەوەی هەواڵی سەردانی سوودانی بۆ کۆشکی سپی، نرخی دۆلار لە بازاڕەکانی

عێراق ڕووی لە داکشان کرد و هاتە ژێر نرخی 0150 دینار بۆ هەر دۆلارێك و تا ئاستی 0147 دینار، لە کاتێکدا چەند مانگێك بەر لە ئێستا نزیك بووەوە لە ئاستی 0160 دینار. هەندێك ئەم دابەزینە بە هیواهەڵچنین لەسەر سەردانی سوودانی دەبینن و هەندێکی تر پێیان وایە یاریی بازاڕی ڕەش و بازرگانەکانە و دابەزینەکە کاتییە[22]؛ بەتایبەت بەیاننامەی کۆشکی سپی لەبارەی سەردانی سوودانی بەڕوونی ئەوەی تێدا هاتووە کە بایدن و سوودانی جگە لە داعش لەبارەی چاکسازییە داراییەکان و سەربەخۆیی عێراق لە کەرتی وزە گفتوگۆ دەکەن[23]. ئەمەیش بە مانای دوورکەوتنەوە لە ئێران و ڕێگریکردن لە ئاودیوکردنی دۆلار و شەفافکردنی جووڵەی دۆلار دێت و هیچ ئاماژەی ئەوەی تێدا نییە عێراق دەستکراوە بکرێت لە مامەڵەکردن بەو یەدەگەی لە دۆلار کە لە بانکی فیدراڵی ئەمریکادا هەیتی.

**پرسەکانی هەرێم لە ئەجێندای سەردانەکە**

بەپێی لێدوانی باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە عێراق، ڕۆبەت فۆرد، دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان یەکێك دەبێت لە تەوەرەکانی باس لە نێوان دامەزراوەکانی ئەمریکا و شاندی عێراق بە سەرۆکایەتیی سوودانی[24]. لە سەروبەندی ئامادەکارییەکانی سەردانەکەیشدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، "ئەنتۆنی بلینکن"، لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حسێن، باسی لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە، هەروەها هانی بەغدای داوە کێشەکان چارەسەر بکەن "چونکە سوودە ئابوورییەکانی بۆ هەموو عێراقییەکان دەبێت."[25] هەر لەم بەینەیشدا و زیاتر لە دوو هەفتە پێش سەردانەکە، سیناتۆری کۆماری، "تۆم کۆتۆن" و حەوت لە هاوڕێکانی لە کۆنگرێس نامەیەکی تایبەتیان ئاراستەی بایدن کردووە لەبارەی سوودانی کە نیگەرانیی پێوە دیارە و باسیان لە هەندێك پرسی کوردستان کردووە و بە بایدن دەڵێن: "حکوومەتی عێراق بەشێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ تاران دژی هاوپەیمانە کوردەکانمان کار دەکات، لەنێویاندا بڕینی هاوکارییە داراییەکانی حکوومەت و داخستنی بۆڕیی نەوتی عێراق _ تورکیا، کە بەشێکی زۆری ئابووریی کوردستانی لەسەر بەندە".

لە نامەکەدا ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نوێنەران و سێناتی ئەمریکا داوای دانانی پێشمەرجی بۆ سەردانەکەی سوودانی بۆ ئەمریکا دەکەن لە چەشنی "داواکردنی ئەوەی کە دەستبەجێ بۆڕیی نەوتی عێراق – تورکیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە". پرسێکی دیکە کە لە نامە هاوبەشەکەدا جەختی لێ کراوەتەوە، ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە: "پێویستە داوا لە حکوومەتی عێراق بکەیت کە دەست بکاتەوە بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان".[26]، بەڵام بەو پێیەی نامەکە زیاتر لەلایەن سیناتۆرەکانی حزبی کۆماری نووسراوە کە ڕکابەری بایدنن، دەکرێت یەکێك لە هاندەرە گەورەکانی کێبڕکێ سیاسییەکانی نێوخۆی ئەمریکا بێت. بەپێی ئەزموونەکانی پێشووش نموونەی لەم جۆرە نامانە بۆ سەرۆکەکانی ئەمریکا هەبوون و ئەنجامی زۆر گەورەیشی لێ نەکەوتووەتەوە، بەتایبەت کە ژمارەی کۆنگرێسمانەکان زۆر نییە. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەنتۆنی بلینکن، جەختی کردووەتەوە، ئەوان "خوازیاری دیتنی سوودانی و بایدنن لە کۆبوونەوە" چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا "عێراق هاوبەشێکی گرنگی ئەمریکایە بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچە."[27]

بەهۆی ئەوەیشی سەردانی سوودانی بۆ ئەمریکا چەند ڕۆژێك پاش سەردانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسروور بارزانی دێت، بۆچوونێك لەنێو هەندێك لە چاودێرانی سیاسیی عێراق هەیە کە

خواست و پێداگرییەکانی هەرێم، سێبەریان بەسەر دیدارەکانی دامەزراوە ئەمریکییەکان و سوودانییەوە دەبێت، بەتایبەت لە بواری هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم[28]. چاودێری تری بیانی هەن باسیان لەوە کردووە جگە لە دۆسیەی نەوت، بایدن لەگەڵ سوودانی باسی بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵییش دەکات، بەتایبەت کە هەندێك دژەپێکردن ئاماژە بەوە دەکەن ڕاوێژکاری ئاسایشی ئەمریکا پێشتر بە سوودانیی وتووە، "پێویستە سەردانەکە لە کەشێکی باشدا بێت و بەرەوپێشچوون لە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەولێر هەبێت."[29] ئەم خواست و پێداگرییە ئەمریکییەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەمریکا پێی وایە باشبوونی پەیوەندیی بەغدا و هەولێر لە قازانجی ئۆقرەییی عێراقە و گرژیی نێوان هەردوو لایش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا ناجۆرە؛ بەتایبەت قسەیەك هەیە کە ئەمریکا بەو چاوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکات کە هاوپەیمانێکی جێگیرە لە عێراق[30]. وەزیری دەرەوەی عێراقیش لە سەروبەندی ئامادەکارییەکانی سەردانی سوودانی لە ئەمریکا ئەوەی نەشاردەوە، کە کورد لەگەڵ مانەوەی سوپای ئەمریکادان لە عێراق و سوننەکان و بەشێك لە شیعەکان لەمەدا هاوڕان[31].

بەپێی هەندێك زانیاریی بەردەستیش بەر لە سەردانی پێشووی سوودانی بۆ نیویۆرك لە ساڵی ڕابردوو، بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ سەردانەکە بڕیاری خەرجکردنی سێ مانگ قەرزی بۆ هەرێمی کوردستان دابوو؛ دەشێت ئاسانکاریی لەم شێوەیەیش بۆ ئەم سەردانە دووبارە ببێتەوە و سوودانی و تیمەکەی خوازیاری ئەوە نین لە واشنتۆن دووچاری ڕەخنە و گازندە ببنەوە لەسەر درێژەکێشانی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

**کۆبەند**

سەردانی سوودانی بۆ واشنتۆن و دیداری لەگەڵ بایدن، دەرفەتێکە بۆ پیشاندانی پاڵپشتیی ئەمریکا لە عێراق لە سایەی حکوومەتی چوارچێوەی شیعی بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی، بەڵام پێشبینی ناکرێت گۆڕانکاریی گەورە لە پەیوەندییەکانی هەردوو لا دروست بکات و پێشهاتی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەت لە دۆسیەی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە ملکەچە بۆ زۆر کارتێکەریی دیکەی ئاڵۆز.

سەردانەکە بۆ کارەکتەری سەرۆکوەزیران، محەمەد شیاع سوودانی، هەلێکی باشی پیشاندانی توانا و پەسەندکراوییە لە دەرەوەی عێراق و، دەشێت ببێتە کەرەستەیەك لە پرۆژەی دروستکردنی ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتیی سیاسیی ناوبراو؛ بەڵام بەڕووی لێکەوتەی خراپیشدا کراوەیە ئەگەر گرووپە چەکدارە شیعەکان بێهیوا ببن لەوەی لە ڕێگەی سوودانییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن کە بەرتەسککردنەوەی هەژموونی ئەمریکایە لە کایەی ئەمنی و سەربازیی عێراق.

لە سەردانەکەی سوودانیدا پرسەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت دۆسیەی نەوت ئامادەیی دەبێت و ڕەنگە شاندە عێراقییەکە گوێبیستی هاندانی زیاتر ببن بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان، بەتایبەت کە سەردانەکەی سوودانی بە دوای سەردانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆن و لۆبیی ژمارەیەك کۆنگرێسماندا دێت بۆ داکۆکی لە هەرێم. بەڵام جێبەجێکردنی ئەو خواستە ئەمریکییەکەیش، ملکەچە بە ئاڵۆزییەکانی هاوکێشەی نێو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا لە دۆخی ئامادەکاریی پێشوەختەی هەڵبژاردنی داهاتوودان و وەك پردی پەڕینەوە تەماشای ئەم کابینەیەی

ئێستا دەکەن، نەک چەترێك بۆ چارەسەرە درێژخایەنەکان.

[1] https://bit.ly/3VzZj3N

[2] https://bit.ly/43Df8su

[3] https://bit.ly/3IZw6YD

[4] https://bit.ly/3VAoeV5

[5] https://pmo.iq/?article=1541

[6] https://bit.ly/3TXX1ua

[7] https://bit.ly/4cFI5sa

[8] https://bit.ly/3TATujZ

[9] https://bit.ly/4afdorS

[10] https://bit.ly/49fb6rB

[11] https://bit.ly/3TFUeoh

[12] https://bit.ly/3vwD0S5

[13] https://bit.ly/49gURKC

[14] https://bit.ly/4aCk4Ap

https://bit.ly/43FPWBK

https://bit.ly/43EdR4u

[15] https://bit.ly/3TATujZ

[16] https://bit.ly/3TAW9ug

[17] https://bit.ly/3PHWjPi

[18] https://bit.ly/4cFI5sa

[19] https://bit.ly/49iWAz7

https://bit.ly/49gURKC [20]

https://bit.ly/4cFMnjg [21]

https://bit.ly/3VHMFjk [22]

https://bit.ly/3VAmNWv [23]

https://arbne.ws/3VynL5N [24]

 https://bit.ly/49ik5s5 [25]

https://bit.ly/4agPJHy

 https://bit.ly/3IXw6Zi [26]

https://bit.ly/49dtAZn

https://bit.ly/3TWAgGY [27]

https://bit.ly/3xgZaIC [28]

https://bit.ly/3IYt8Uo [29]

https://bit.ly/3IYt8Uo [30]

https://bit.ly/3TATujZ [31]